پاشکۆی ١

ڕۆحە خراپەکارەکان و جەنگی ڕۆحی

کتێبی پیرۆز چی فێر دەکات لەبارەی ڕۆحە خراپەکارەکان وجەنگی ڕۆحیەوە ؟ لەم وانەیەدا ئەوە دەخوێنین کە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات لەبارەی ڕۆحە خراپەکارەکان و کەوتنی ، وە هەوڵدانی بۆ لەناوبردن وڕووخان و تێکدان ، وە چۆن عیسای مەسیح چەککی کردو دەسەڵاتی لێ سەندەوە . وە لە کۆتاییدا ئەوە دەخوێنین کە باوەڕدار دەبێت چی بکات لە جەنگی ڕۆحیدا دژ بە ڕۆحە خرپەکارەکان .

کتێبی پیرۆز بەڕوونی فێرمان دەکات کە ئیبلیس "بەستراوەتەوە" لە هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح دا ، پێش نزیکەی ٢٠٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا . شەیتان بەسترایەوە یان سنوری بۆ دانرا وەك چۆن کتێبی پیرۆز بەڕوونی لە ئینجیلەکاندا بۆمان باس دەکات ، مەتا ١٢: ٢٨- ٣٠ لۆقا ١٠: ١٧- ٢٠ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢ ، هەروەها نامەی کۆلۆسی ١: ١٣ ' کۆلۆسی ٢: ١٥ ؛ عیبرانیەکان ٢: ١٤ ؛ ١یۆحەنا ٣: ٨ وە بینین پێناسەی شەیتان دەکات کە بەستراوەتەوە لە بینین ١٢: ٧- ٩ ؛ بینین ٢٠: ١- ٣ .

أ. ڕۆحە خراپەکارەکان وکەوتنی

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ڕۆحە خراپەکارەکان کێن ؟

١. بەدیهێنانی فریشتە .

کۆلۆسی ١: ١٦ ؛ عیبرانیەکان ١: ١٤ بخوێنەوە .

بەدیهێنانی گەردوون هەموو جۆرەکانی فریشتە لە خۆ دەگرێ کاتێ خودا بەدیهێنانی ئەفراند ، ئەوەی ناودەبرێ بە سەرۆکەکان و گەورەکان و دەسەڵاتداران ، عیسای مەسیح هەموو ئەو دەسەڵاتدارو سەرۆکانەی بەدیهێنا ، وە بۆ ئەو بەدیهاتن ، واتە بەدیهێنران بۆ شکۆی عیسای مەسیح و خزمەتی و مەبەستەکەی و ئامانجی . دریشتەکان خزمەتکاری خودان و نێردراوی خودان واتە بەدیهێنران بۆ بەشداریکردن لە شکۆدارکردنی عیسای مەسیح و خزمەتکردنی و مەبەستی و ئامانجی . فریشتەکان خزمەتکارو نێردراوی خودان بۆ خزمەتی ئەوانەی ڕزگاری بە میرات وەردەگرن . وە چیرۆکی زۆر هەیە لەبارەی کەسایەتیە بێباوەڕەکان کە فریشتە سەردان کردوون لە خەوندا یان بینین و وای لێکردن بێن بەرەو مەسیحی خوداوەند وڕزگارکار .

٢. کەوتنی فریشتەی خراپەکار .

بینین ١٢: ٤، ٩ . کاتێ شەیتان کەوت کە یەکێکە لە سەرۆکەکانی فریشتەکان ، لەگەڵ خۆیدا زۆرێك لە فریشتەکانی برد (بینین ١٢: ٤) لەو کاتەوە بەو فریشتانە دەوترێ فریشتەکانی شەیتان (بینین ١٢: ٩) ، یان شەیتانەکان یان ڕۆحە خراپەکارەکان (مەتا ١٢: ٢٢- ٢٨ ، ٤٣- ٤٥) . مامۆست درۆزنەکان لە ئاینە چەواشەکاندا هەمیشە ئاماژە دەکەن بۆ ئەو فریشتەو ڕۆحە خراپەکارانە وەك خوداوەندێك (١کۆرنسۆس ٨: ٤- ٥) . بەڵکو دەیانپەرستن وەك خودای خۆیان (١کۆرنسۆس ١٠: ٢٠) .

٣. فریشتە چاکەکان وفریشتە خراپەکان .

١تیمۆساوس ٥: ٢١ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢١- ٢٢ ؛ ٦: ١٢؛ ١پەترۆس ٣: ٢٢ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە کۆلۆسی ٢: ٩- ١٠ ؛ ڕۆما ٨: ٣٥- ٣٩ .

فریشتە چاکەکان ناتوانن هیچ شتێك زیاد بکەن لەوەی باوەڕداران لە عیسای مەسیح دا هەیانە ، وە فریشتە خراپەکانیش ناتوانن باوەڕداران دابڕن لە خۆشەویستی خودا ! گەڵاتیە ١: ٣- ٩ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٤ـ ٢٥ ؛ ٢پەترۆس ٢: ٤ ؛ یەهوزا ١: ٦ .

ب. ئامانجە جیاوازەکانی ڕۆحە خراپەکارەکان

١. شەیتان هەوڵ دەدات هەموو جیهان بکات بە موڵکی خۆی و بانگەشەی خاوەندارێتی جیهان دەکات .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : دەسەڵاتی شەیتان وهێزەکەی چەندە لەسەر جیهان ؟

أ. شەیتان سەرۆکی جیهانی خراپەکارە و بەس .

لۆقا ٤: ٥ـ ٦ ؛ یۆحەنا ٨: ٤٤ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣١ ؛ ١یۆحەنا ٥: ١٩ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٢ .

تێبینیەکان . هەروەها بڕوانە ١یۆحەنا ٥: ١٢ ؛ یۆحەنا ١٥: ١٨ـ ٢٥ ؛ کۆلۆسی ١: ١٣ ؛ مەتا ١٣: ٣٧ـ ٣٩ ؛ یۆحەنا ١٨: ٣٦ ؛ ١٧: ١٤ـ ١٥ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣١ ؛ یۆحەنا ٨: ٤٤.

ب. عیسای مەسیح پاشای هەموو گەردونە .

مەتا ٢٨: ١٨ ؛ یۆحەنا ١٣: ٣ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢١ـ ٢٢ ؛ ١پەترۆس ٣: ٢٢ ؛ بینین ١: ٥؛ ١٧: ١٤؛ ١٩: ١٦ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

لەم سەردەم ئێستادا و لەسەردەمی داهاتودا عیسا لەسەروو هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێک وهێزێکە ... هیچ ناوێك نیە لە ئاسمان ولە زەوی بەرزتر بێت لە ناوی عیسای مەسیح .

٢. ڕۆحە خراپەکارەکان هەوڵ دەدەن دەسەڵاتدار بن بەسەر ناوچەیەکی دیاریکراوی زەوی .

أ. ئەو شوێنانەی ڕۆحە خراپەکارەکان جالاکن تیایدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە :

ڕۆحە خراپەکارەکان لە ئیمپراتۆریەت و وڵاتەکاندا .

دانیال ١٠: ١١- ١٤ ، ٢٠- ٢١ بخوێنەوە .

ڕۆحە خراپەکارەکان لە شارو شاروچکەو گوندەکان

٢پاشایان ١٧: ٢٩- ٣١ ؛ بینین ٢: ١٣ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە بینین ١: ١٦ ؛ ٢: ١٢ ، ١٦ ؛ ١٩: ١٥ .

ڕۆحە خراپەکارەکان لە کلتور و شارستانیەتی ئادەمیزاد

بینین ١٨: ٢؛ ١٩: ٢٠ ؛ ٢٠: ١٠ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە بینین ١٧: ١- ٥ .

ڕۆحە خراپەکارەکان وەك ڕۆحی ناوچەکان وهەرێمەکان

مەتا ١٢: ٢٩ !

ب. هەموو شوێنەکان وناوچەکان لە ژێر دەسەڵات وسەروەری عیسای مەسیح دایە .

ئیشایا ١٤: ٢٤ ، ٢٧ ؛ دانیال ١٠: ١١- ١٤ ، ٢٠- ٢١ .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە :

خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو هەرێم وناوچەکانی سەر زەوی

بروانە ئیشایا ١٤: ١٣- ١٤ هەروەها زەبور ٢: ١- ١٢ ؛ ٢٤: ١؛ ١٤٥: ١٣؛ ١٤٦: ١٠ ؛ مەتا ٢٨: ١٨ ! .

خودا دەسەڵاتدارە بەسەر ڕوداوەکانی مێژوو لەسەر زەویدا . ٢ پوختەی مێژوو ٣٢: ١- ١٢ .

خودا ڕوداوەکانی مێژووی ئایندە لەسەر زەوی ڕادەگەیەنێ .

خودا بۆ دانیالی ڕاگەیاندا کە جەنگی ڕۆحی لە هەوادا ڕوو دەکاتە یەکەم لە دژی فارسەکان دواتر یۆنانیەکان چونکە هەردوو وڵاتەکە دەبنە ئیمپراتۆریەتێکی مەزنی جیهانی و دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ئیسرائیل دەسەپێنن بۆ ماوەیەکی کاتیی ، ئەو کات گەلی ئیسرائیل بە گەلی ڕاپێچکراوی خودا ناودەبرا . هەرچەندە ئەو گەلە هیچ بەرگریکاری و پاسەوانی نەبوو بەڵام خودا و فریشتەکانی لەگەڵیدا بوو . هەرچەندە ڕوداوەکان لە سەر زەوی گومانیان بۆ ئیسرائیل دروست دەکرد لەوەی ڕزگاریان ببێت ، ئامانجی ئەو بینینەی خودا بەخشی بە دانیال دڵنیابوونی بوو کە لەو بارودۆخە بێهیواییەی زەوی خودا هەمیشە دەسەڵاتدارەو تواناداره بەسەر هەموو ئەو ڕوداوانەدا کە دێن وڕوو دەدەن ، وە جەنگی هەوا یەکلا بۆوە !

٣. ڕۆحە خراپەکارەکان هەوڵ دەدەن خەڵکی لەناوبەرن لەڕێگەی ئەو شتانەی بەوانەوە گرێدراون لە کاروباری خەڵکی .

أ. ڕۆحەخراپەکارەکان جەستەو ڕۆحی خەڵکی تێک دەدەن ولەناو دەبەن .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ڕۆحە خراپەکارەکان چۆن جەستەو ڕۆحی خەڵکی تێکدەشکێنن ؟ مەتا ٤: ٢٣- ٢٤ ؛ ١٢: ٢٢ ؛ لۆقا ١١: ١٤ ؛ ١٣: ١١، ١٦ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە لۆقا ٨: ٢٧- ٢٩ ، ٣٥ ؛ مەرقۆس ٩: ٢٠- ٢٢ .

هەروەها مەتا ١٢: ٤٣- ٤٥ ؛ لۆقا ٨: ٢، ٣٠ ؛ ئەفەسۆس ٦: ١٠، ١٦ ؛ ١یۆحەنا ٤: ٤ ؛ مەتا ١٢: ٤٣- ٤٥ یۆحەنا ١٠: ٢٨ ؛ ١٤: ١٦- ١٧ بخوێنەوە .

ب. ڕۆحە خراپەکارەکان هەوڵ دەدەن بیرو ڕۆحی خەڵکی تێك بدەن ولەناوبەرن .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن هەوڵ دەدەن ئەمە بکەن ؟

دواوتار ٣٢: ١٦- ١٧ ؛ زەبور ١٠٦: ٣٤- ٣٩ ؛ ١كۆرنسۆس ١٠: ١٨- ٢١ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە ١تیمۆساوس ٤: ١- ٣ ؛ ١یۆحەنا ٤: ١- ٦ ؛ ٢یۆحەنا ٧- ١١ ؛ یۆحەنا ٨: ٤٤ .

لێڤیەکان ١٩: ٢٦ ، ٣١ ؛ ٢٠: ٦، ٢٧؛ دواوتار ١٨: ٩- ١٣ بخوێنەوە .

ج. ڕۆحە خراپەکارەکان هەوڵ دەدەن گەلی خودا تێك بشكێنن لەڕێگەی چەوسانەوەی سیاسی و لادانی ئایینی و فریودانی ئەخلاقیەوە .

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە: چۆن هەوڵ دەدەن ئەمە بكەن ؟

بینین ١٦: ١٣- ١٤ ؛ ١٧: ١- ٦ بخوێنەوە .

دڕندەی دەڕەوەی دەریاكە نمونەیە بۆ "حكومەتە شەیتانیەكان كە دەجەنگن دژی باوەڕداران ودەیانچەوسێننەوە" بینین ١٣: ١- ١٠ ؛ دانیال ٧: ١٧- ٢٤ ؛ بینین ١٣: ٥- ٧ ؛ ١٢: ٥- ٦ ؛ ١١: ٢- ١٢ ؛ زەبور ٦٥: ٧؛ ئیشایا ١٧: ١٢؛ بینین ١٧: ١٥ .

دڕندەی دەڕەوی زەوی نمونەیە بۆ " پێغەمبەرە درۆزنەكان " بینین ١٣: ١١- ١٨ یاقوب ٣: ١٤- ١٥ ؛ بینین ١٣: ٥، ١٢- ١٣ ، دواوتار ١٧: ٦؛ مەتا ١٨: ٦ ؛ لۆقا ١٠: ١ .

داوێن پیسە گەورەكە " بابل" نمونەیە بۆ " جیهانی دژ بە باوەڕداران وفریودانەكانی بەتایبەتی لە بواری كارو پارەو پەروەردە و دادو خۆشگوزەرانی و چێژ و خۆشیەكان و هونەر و وەرزش ، تاد. بینین ١٨: ٢- ٣ ، ٢٠ ، ٢٢ ؛ بینین ١٩: ٢ ؛ ١یۆحەنا ٢: ١٦- ١٧.

هەروەها بڕوانە یەرمیا ١٧: ٩ ؛ ڕۆما ٨: ٥- ٨ .

دەرئەنجام . ڕۆحە خراپەکارەکان حەز دەکەن پەیوەندیەکی گەرموگوڕیان هەبێت بە دەسەڵاتدارە سیاسیەکانی و وڵاتانەوە ، هەروەها بە مامۆستایانی بتپەرست و درۆزنەکانەوە ئەوانەی ئاینە گەندەڵەکان بڵاودەکەنەوە کە دژی باوەڕدارانن و ئەخلاقیان گەندەڵە .

ج. ڕۆحە خراپەکارەکان چەککراون

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : عیسای مەسیح چی کرد لە ڕۆحە خراپەکارەکان ؟

١. عیسای مەسیح هەموو ڕۆحە خراپەکارەکانی چەککرد .

کۆلۆسی ٢: ١٤- ١٥ ؛ ڕۆما ٨: ٣٣ ؛ بینین ١٢: ١٠ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٣ ؛ ڕۆما ٨: ٣٧- ٣٩ ؛ مەتا ١٢: ٢٩ ؛ بینین ٢٠: ٣ ؛ ئەفەسۆس ٦: ١٠- ١٨ ؛ بینین ٢: ١٤- ١٦ .

٢. عیسای مەسیح باوەڕدارانی ڕزگار کرد لە دەسەڵاتی ڕۆحە خراپەکارەکان .

کۆلۆسی ١: ١٣- ١٤ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە کۆلۆسی ٢: ١٠ .

٣. عیسای مەسیح توانا دەبەخشێ بە باوەڕداران بۆ هەڵهاتن لە داوی شەیتان وڕۆحە خراپەکارەکان .

٢تیمۆساوس ٢: ٢٥- ٢٦ بخوێنەوە .

د. جەنگی ڕۆحی دژی شەیتان وڕۆحە خراپەکارەکان

١. دەبێت باوەڕداران بەرهەڵستی شەیتان و ڕۆحە خراپەکارەکان بکەن .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : باوەڕداران دەبێت چۆن بەرهەڵستی شیەتان و ڕۆحە خراپەکارەکان بکەن ؟

باوەڕداران هیچ پێویست ناکات بترسن لە شەیتان وڕۆحە خراپەکارەکان چونکە مەسیح چەککی کردوون و بەستنیەوە لە هاتنی یەکەمیدا بەڵام جەنگ لە دژی شەیتان وڕۆحە خراپەکارەکان بەردەوام دەبێت تا هاتنەوەی دووەمی مەسیح هەرچەندە بەردەوام لەهەوڵدان ئازار بگەیەنن بە باوەڕداران بەڵام کتێبی پیرۆز لەمبارەیەوە ئاگادارمان دەکاتەوە هۆشدار بین و شەواره بگرین بەخەبەر بین لە جەنگەکەمان لە دژی شەیتان وڕۆحە خراپەکارەکان .

أ. یەکەمجار ملکەچی خودا بە ، ئینجا بەرهەڵستی شەیتانی خراپەکار بکە.

یاقوب ٤: ٧- ٨ بخوێنەوە .

ب. یەکەمجار عاقڵ بەو ئاگادار بەو زاڵ بە بەسەر خۆتدا و چەسپاو بە لە باوەڕت بە مەسیح ، پاشان بەرهەڵستی شەیتان بکە .

١پەترۆس ٥: ٨- ٩ بخوێنەوە .

ج. یەکەمجار خۆت ڕزگار بکە لە تاڵی و توڕەبوون ، دوای ئەوە هیچ دەرفەتێك مەدە بە شەیتان یان شوێن پێیەك .

ئەفەسۆس ٤: ٢٦- ٢٧ ، ٣١ بخوێنەوە .

د. یەکەمجار دڵنیا بە کە بە ڕۆحی پیرۆز دەژیت و ڕۆحی پیرۆزت تێدایە ، دوای ئەوە ڕۆحەکان تاقیبکەوە بزانە ئایا لە خوداوەیە .

١یۆحەنا ٤: ١- ٦ ؛ ٢ یۆحەنا ٧- ١١ .

هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١: ١، ١٤ ؛ ١کۆرنسۆس ١٢: ١٠ ؛ یۆحەنا ١٧: ١٧ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١٦- ١٧ .

٢. دەبێت باوەڕداران جەنگ لەدژی ڕۆحە خراپەکارەکان بەرپا بکەن .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە: باوەڕداران چۆن ئەم جەنگە بەرپابکەن لە دژی شەیتان وڕۆحە بەدکارەکان ؟

أ. بەکارهێنانی چەکی ڕۆحی بۆ کوژانەوەی تیرە گڕدارەکانی شەیتان .

ئەفەسۆس ٦: ١٦- ١٨ ؛ ئەفەسۆس ٦: ١٣ بخوێنەوە .

ب. بەکارهێنانی چەکی ڕۆحی بۆ تێکدانی قەڵاکان و ئازادکردنی دیلەکان .

٢کۆرنسۆس ١٠: ٣- ٥ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ٢٥- ٢٦ بخوێنەوە .

٣. دەبێت باوەڕداران هێزو دەسەڵاتی ڕۆحە بەدکارەکان تێك بشکێنن .

مەتا ١٢: ٢٩- ٣٠ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢ ؛ کۆلۆسی ١: ١٣- ١٤ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ٢٥- ٢٦ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە لۆقا ١٠: ١٨- ٢٠ .

عیسای مەسیح دەسەڵات و هێز دەبەخشێ بەتایبەتی بە نێردراوەکانی بۆ دەرکردنی ڕۆحە بەدەکارەکان .

مەتا ١٠: ١، ٨ نێردراوان ؛ مەرقۆس ١٦: ٩- ٢٠ قوتابیەکانی مەسیح ؛ لۆقا ١٠: ١٨- ٢٠ قوتابیەکانی مەسیح ، کردار ٥: ١٦ ؛ کردار ٨: ٧ "مزگێنیدەران" کردار ١٣: ٦- ١٢ "نێردراوان' عیبرانیەکان ٢: ٣- ٤ "قوتابیەکانی مەسیح " .

عیسای مەسیح قەڵاکانی خراپەکاری و ناوجەکانی دەسەڵاتیان دەبڕێ لە ڕێگەی نوێژی گەلەکەیەوە و کاری مزگێنیدانیان .

لۆقا ٨: ١٢ ؛ مەتا ١٢: ٢٩- ٣٠ .

ب. تێکشکاندنی هێزو دەسەڵاتی ڕۆحە بەدکارەکان بە نوێژو باوەڕ .

مەتا ١٢: ٢٩- ٣٠ .

نوێژەکەی دانیال نەبوو بەڵکو کارودەسەڵات و سەروەریی خودا بوو مامەڵەی کرد لەگەڵ ڕۆحە بەدکارەکان .

دانیال ٩: ١- ٣ ؛ ١٠: ١، ١٢- ١٤ بخوێنەوە .

نوێژی باوەڕداران نیە بەڵکو کارودەسەڵات وسەروەریی خودایە دەرگا داخراوەکان دەکاتەوە . 7

بینین ٣: ٧- ٩ ؛ ئیشایا ١٤: ٢٤ ، ٢٧ ؛ مەتا ٢٨: ١٨ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە زەبور ٢٤: ١، ١٠ ؛ ئیشایا ١٤: ٢٤ ، ٢٧ ؛ مەتا ٢٨: ١٨ ؛ ئەفەسۆس ١: ١٢ ؛ کۆلۆسی ٤: ٢- ٤ بخوێنەوە .

نەك نوێژەکان بەڵکو بەدەنگەوە هاتنی خودا بۆ نوێژەکانی باوەڕداران دەسەڵات و هێزی ڕۆحە بەدکارەکان تێك دەشکێنێت .

کۆلۆسی ٤: ٢- ٤ ؛ ئەفەسۆس ٦: ١٠- ١١ ؛ مەتا ١٢: ٢٩ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٠: ٣- ٥ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢ ؛ ئەفەسۆس ٣: ٢٠ .